

لەنجە فرهاد

یاریزانی فوتساڵی یانەی سەوورە:

# خەونی من ئەوەیە ئاستی باشتر پێشکەش بکەم و یانەکەشم ببێتە پاڵەوانی کوردستان

**پارێزگای کەرکووک لە یارییە وەرزشییەکاندا خاوەنی چەندین تیپی جۆراوجۆرە، تیپی فوتساڵی یانەی گازی باکوور کە ئەمساڵیش لە پاڵەوانێتی فوتساڵی کوردستان نوێنەری شاری کەرکووکن، یەکێکە لەو تیپانەی کە بۆ داهاتوو چاویان لە ئەنجامی گەورەیە، یانەی سەورەیە کە بە ئامانجی پێشخستنی ئاستی یاریی فوتساڵ لە سنووری کەرکووک تیپێکی تۆکمەی پڕ لە یاریزانی بەتوانای لە یانەکە کۆکردۆتەوە، بۆ ئەوەی بەم کچە یاریزانانە لە خولی فوتساڵی نایابی کوردستان و لە وەرزی داهاتوو کێبڕکێ لەسەر ئەنجامی شایستە بکات، ئامینە عەدنان یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکە و لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠١ی شاری کەرکووکە، پێشتریش بۆ یانەی سەورە و گازی باکوور و چەندین یانەی دیکەی کوردستان یاریی کردووە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** ئاستی یاریی فوتساڵ لە کەرکووک چۆن دەبینی ؟**

- ئەگەر بە وردی لێی بڕوانین بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوودا زۆر بەرەوپێش چووە.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانێتیی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش نەچێت؟**

-هەرچەند پاڵەوانێتی زۆر بێت، ئاستی یاریزانان باشتر دەبێت، ئەوەش دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی یاریزانی بەتوانا لە یانەکان دروست ببێت.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاریی فوتساڵ ئاستی بەرز بێتەوە؟**

- داواکارم یانەکان بایەخی زیاتر بە یاریزانان و راهێنەران بدەن، بۆ ئەوەی ئەم یاریزانانە زیاتر خزمەتی یارییەکە بکەن.

*** گرفتی ئەم یارییە لە چیدا رەنگ دەداتەوە؟**

-نەبوونی هۆڵی داخراو و نەبوونی پشتگیریی بەردەوام و نەبوونی پاسی گواستنەوەی یاریزانان بۆ مەشق گرفتی گەورەن بۆ یانەکان، کە بە چ شێوەیەك یاریزانان بگوازنەوە بۆ مەشقەکانیان.

***بەرنامەت بۆ داهاتووی خۆت چییە؟**

- ئێمە بەردەوام دەبین لە وەرزش، هیوادارم بەرپرسانیش هاوکاریمان بکەن بۆ ئەوەی بتوانین ئاستی باشتر پێشکەش بکەین.

***لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە راهێنەر و یاریزانی دەرەوە ببەستن؟**

-نەخێر، بەڵام یانەکانیش توانای هێنانی یاریزانی بیانییان نییە، دەبێت یانەکان ئاوڕ لە یاریزانانی خۆیان بدەنەوە و بۆ داهاتوو ئامادەیان بکەن.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرس چییە؟**

-داواکاریم ئەوەیە کە بەرپرسیارانی ئەم بوارە گرنگی بە تواناکانی یاریزانان بدەن و خزمەتی زیاتری وەرزشوانان بکەن.

***بەهیوای ئەوە نیت لەم یارییە هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ؟**

- ئەوە خەون و هیوای هەموو یاریزانێکی کوردستانە کە لە هەڵبژاردەی کوردستان یاری بکات.

*** وەکو یاریزانێك خەونی وەرزشیت چییە؟**

- خەونی من ئەوەیە ئاستی باشتر پێشکەش بکەم و یانەکەشم ببێتە پاڵەوانی کوردستان، دەمەوێت لە داهاتوودا ببمە یاریزانێکی زۆر باشی شارەکەم تا بتوانم ئاستی کچان لە بواری وەرزشدا بەرەوپێش ببەم.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەم بەسەرکردنەوەیە، هیوادرم هەمیشە لە خزمەتکردنی بواری وەرزش بەردەوام بن.



# سەرهەنگ موحسین یانەی برایەتی هەڵبژارد



تیپی تۆپی پێی یانەی برایەتی بەشدارە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان و (فاتیح حەمەخان)ی راهێنەری یانەکە بۆ ئەمساڵیش سەرپەرشتی مەشقی یانەکە دەکات، یانەکەش بە مەبەستی بەهێزکردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەی و بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لەم وەرزە، بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ سەرهەنگ موحسینی گۆڵپارێزی پێشووی یانەی وەرزشی هەولێر مۆرکرد، بۆ ئەوەی ئەم وەرزە بەرگری لە تۆڕی یانەی برایەتی بکات، لە بارەی چوونی بۆ یانەی برایەتیش سەرهەنگ موحسین بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامانجی یانەی برایەتی ئامانجی منیشە، ئەویش رکابەریکردنە لەسەر بەدەستهێنانی نازناوی خولەکە، وەك ئامانجی تایبەتیشم دانەبڕان و پارێزگارییە لە توانای جەستەییم بۆ سەرەتایەکی نوێ»، لە بارەی بوونی گرێبەستی خولی عێراقیش سەرهەنگ گوتی: «کێشەی من لەگەڵ یانەی هەولێر درێژەی کێشا، بۆیە سەرجەم یانەکان پێکهاتەکانیان رێکخستبوویەوە و بوار نەمابوو بۆ ئەوەی بچمە یانەیەك و گرێبەستیان لەگەڵ واژوو بکەم، لەگەڵ ئەوەش دەستەی راهێنەرانی یانەی زاخۆ پەیوەندییان پێوە کردووم، بۆ یاریکردن لە خولی نایابی عێراقی، جگە لەوەش یانەی بەحریش کە بڕیارە لە شوێنی یانەی تەڵبەی سزادراو بگەڕێتەوە خولەکە، ئەوانیش پەیوەندییان پێوە کردووم، بەڵام دواجار لەگەڵ یانەی برایەتی رێککەوتووم بۆ بەرگریکردن لە تۆڕی گۆڵی یانەی وەرزشیی برایەتی لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان»، جێگای ئاماژەپێکردنە سەرهەنگ موحسین ماوەیەکی زۆر خزمەتی یانەی وەرزشیی هەولێر کردووە و کاپتنی یەکەمی یانەکە بووە، تا ئەو کاتەی لەگەڵ یانەکە کێشە کەوتە نێوانیان و بڕیاری رۆیشتنی دا.

# زێرەڤانی پشت بە یاریزانی پیشەگەر دەبەستێت

بەمەبەستی بەهێزکردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەی و بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بۆ وەرزی نویێ لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، تیپی تۆپی پێی یانەی زێرەڤانی ئەمساڵ بەشێوەیەکی چڕ و تۆکمە، بەسەرپەرشتی راهێنەری دیاری شاری دهۆك سلێمان رەمەزان خۆی بۆ خولە گەورەکەی کوردستان ئامادەکردووە، کارگێڕیی یانەی وەرزشیی زێرەڤانی بۆ ئەوەی بتوانێ لەم وەرزەی خولەکە کێبڕکێ لە بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە بکات، بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ سێ یاریزانی پیشەگەری بەرازیلی و سووری کردووە، بۆ تەنیا یەك وەرز یاریکردن لە ریزی یانەکەی شاری دهۆك، کارلوس ئیدواردو (دودو) هێرشبەر و جاکسون دیسوزا هێرشبەری بە رەگەز بەرازیلی و عومەر ئیبراهیم یاریزانی سووریی هێڵی ناوەڕاست، ئەم سێ یاریزانە پیشەگەرەش پێشتر لە چەندین خولی بەهێزدا یارییان کردوە و، لەگەڵ یانەکانیان ئەنجامی بەرچاویان بەدەستهێناوە، ئەمساڵیش دەیانەوێ لەگەڵ یانەی زێرەڤانی نازناوی خولی کوردستان بەدەست بهێنن، سەبارەت بە گرێبەست و مووچەکەش هیچ سەرچاوەیەك بڕی گرێبەست و مووچەکەیانی ئاشکرا نەکردووە، تەنیا ئەوە نەبێت کە ئەم سێ یاریزانە بۆ ماوەی یەك وەرز لەگەڵ یانەی زێرەڤانی یاری دەکەن، یانەکەش دەیەوێت بەم یاریزانانە و یاریزانە کوردەکانی خۆیان، پێکهاتەیەکی بەهێزیان هەبێت لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان و ئەمساڵیش زێرەڤانی لە نێو کێبڕکێیەکانی بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورەدا بێت.



# یانەی هەولێر رادان گاسانینی هێنایەوە یانەکەی

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەولێر ئەم وەرزە بە سەرکردایەتی ئەکرەم سەلمان راهێنەری پێشووی یانەکە بە باشی خۆیان ئامادە کرووە، بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە یارییەکانی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی عێراقی، بەڵام دوای ئەنجامدانی سێ یاری لە خولەکە، یانەکە تەنیا سێ یەکسان بوونی بەدەستهێنا، ئەم ئەنجامەش بووە هۆی نارەزاتیی هاندەرانی یانەکە، دواجار هەریەك لە ئەکرەم سەلمان و حەیدەر مەحموود راهێنەر و یاریدەدەری یانەکە بەفەرمی دەستیان لە ئەرکی راهێنانی یانەکە کێشایەوە، کارگێڕیی یانەی هەولێریش بەفەرمی داواکەی پەسندکردن، دەستەی کارگێڕیی یانەی هەولێریش بۆ شوێنگەرەوی دەستەی راهێنەران، لە هەوڵی ئەوەدایە راهێنەرێکی بەتوانا بۆ یانەکە دەستنیشان بکات، بۆ ئەم مەبەستەش دەنگۆی هێنانی چەندین راهێنەری بەتوانا بۆ شوێنگرەوەی راهێنەرانی پێشوو هەیە، بەڵام تاکو ئێستا یانەی هەولێر لەسەر راهێنەرێك رێکنەکەوتووە، بۆ ئەوەی بەفەرمی ئەرکی مەشقی یانەکەی پێ بسپێرێت، لە نێوان هەموو ئەو راهێنەرانیش ناوی نزار مەحروسی راهێنەری سووری دێت، کە پێشتر راهێنەری یانەی هەولێر بووە و چەندین ئەنجامی باشی لەگەڵ یانەکە بەدەستهێناوە، بەڵام بەهۆی داواکردنی مووچەی بەرز تاکو ئێستا هاتنی ئەویش تا رادەیەك تەگەرەی تێ کەوتووە، چونکە تاکو ئێستا یانەی هەولێر لەلایەن لایەنی پەیوەندیدار بودجەی پێویستی بۆ دابین نەکراوە، تا بتوانێت کێشە داراییەکانی چارسەر بکات، سەرچاوەیەکیش لە یانەی هەولێر بۆ گۆڤاری گولان گوتی: «یانەی هەولێر یانەیەکی دیاری عێراق و بگرە لە ئاستی ئاسیاش دیارە، بۆیە دەمانەوێت راهێنەرێکی بەتوانا و بە ئەزموون بهێنن، بۆ ئەوەی سەرپەرشتیی تیپەکە بکات و ئەنجامی باش لە خولی نایابی یانەکانی عێراق بەدەست بهێنێت». ئەوەشی ئاشکراکرد کە یانەی هەولێر گەیشتۆتە رێککەوتن لەگەڵ رادان گاسانینی راهێنەری پێشووی یانەکە، بۆ ئەوەی لە خولی نایاب سەرپەرشتی مەشقی یانەکە بکات، هەرچەندە ئەم راهێنەرە لە وەرزی ٢٠١٣/٢٠١٢سەرپەرشتیی مەشقی یانەی هەولێری کردووە، بەڵام بەهۆی نائارامیی ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق گرێبەستەکەی هەڵوەشاندەوە، لە بارەی بڕ و مووچەی ئەو راهێنەرش سەرچاوەکە ئامادە نەبوو هیچ شتێك ئاشکرا بکات. جێگای وەبیرهێنانەوەیە ئەم راهێنەرە لە کاری راهێنەرایەتی لە کەنداوی عەرەبی ئەزموونی باشی هەیە.



# پوختەی یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی جیهانی و جامی نەتەوەکانی ئاسیا

**هەفتەی رابردوو یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی جیهانی ٢٠٢٢ و جامی نەتەوەکانی ئاسیا ئەنجامدرا، کە تیایدا هەندێك ئەنجامی چاوەڕواننەکراو تۆمارکرا، ریزبەند و ئەنجامی یارییەکانی کۆمەڵەکان بەمشێوەیە:**

**ئا: رێبین رەمزی**




**● کۆمەڵەی یەکەم**

لەم کۆمەڵەیە هەڵبژاردەی سوریا توانی لە سێ یاری سەرکەوتن بە دەستبهێنێت و پێشەنگی کۆمەڵەکە بگرێت و بەجیاوازی دوو خاڵ لەگەڵ هەڵبژاردەی چین، کە بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو لەگەڵ هەڵبژاردەی فلپین یەکسانبوو.

ریزبەندی ئەم کۆمەڵەیە بەمشێوەیەیە:

١-سوریا ٩ خاڵ، ٢- چین ٧ خاڵ، ٣- فلپین ٤ خاڵ، ٤- دوورگەکانی مالدیڤ ٣ خاڵ، ٥- گوام سفر خاڵ.

**● کۆمەڵەی دووەم**

لەم کۆمەڵەیە هەڵبژاردەی ئوستراليا پێشەنگی گرتووە دوای بەدەستهێنانی سێ سەرکەوتن و هەڵبژاردەی ئوردن و کوێت هەوڵ دەدەن بەهەموو شێوەیەك پێشەنگی ئوسترالییەکان رابگرن.

ریزبەندی ئەم کۆمەڵەیە بەمشێوەیەیە:

١- ئوستراليا ٩ خاڵ، ٢- ئوردن ٧ خاڵ، ٣- کوێت ٤ خاڵ، ٤- نیپال ٣ خاڵ، ٥- چین تایپێە سفر خاڵ.

**● کۆمەڵەی سێیەم**

لەم کۆمەڵەیە هەڵبژاردەی عێراق پێشەنگی گرتووە دوای بەدەستهێنانی شەش خاڵی گرنگ و سوودی لە شکستە چاوەڕواننەکراوەکەی ئێران بەرانبەر بەحرێن وەرگرت، ریزبەندی ئەم کۆمەڵەیە بەمشێوەیەیە:

١- عێراق ٧ خاڵ، ٢- بەحرێن ٧ خاڵ، ٣- ئیران ٦ خاڵ، ٤- هۆنگ کۆنگ ١ خاڵ، ٥- کمبۆدیا ١ خاڵ.

**● کۆمەڵەی چوارەم**

لەم کۆمەڵەیە رکابەرییەکی بەهێز لە نێوان چوار هەڵبژاردە هەیە بەمەبەستی مسۆگەرکردنی بلیتی سەرکەوتن، ئۆزباکستان لە پێشەنگ دێت بەجیاوازی خاڵێك لەگەڵ سعودیە، کە بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو دوو یەکسانبوونی لەگەڵ هەڵبژاردەکانی فەلەستین و یەمەن تۆمارکرد.

ریزبەندی ئەم کۆمەڵەیە بەمشێوەیەیە:

١- ئۆزباکستان ٦ خاڵ، ٢- سعودیە ٥ خاڵ، ٣- فەڵەستین ٤ خاڵ، ٥- سەنگافورە ٤ خاڵ، ٥- یەمەن ٢ خاڵ.

## ● کۆمەڵەیە پێنجەم

لەم کۆمەڵەیە هەڵبژاردەی قەتەر بەجیاوازی چوار خاڵ لەگەڵ نزیکترین رکابەری پێشەنگی گرتووە، پاڵەوانی ئاسیا بەردەوامە لە پێشکەشکردنی ئاستە بەرزەکەی، ریزبەندی ئەم کۆمەڵەیە بەمشێوەیەیە:

١- قەتەر ١٠ خاڵ، ٢- شانشینی عوممان ٦ خاڵ، ٣- ئەفغانستان ٣ خاڵ، ٤- هیند ٢ خاڵ، ٥- بەنگلادش ١ خاڵ.

## ● کۆمەڵەی شەشەم

لەم کۆمەڵەیە هەڵبژاردەی ژاپۆن بەئەنجامی گەورە سێ سەرکەوتنی تۆمارکرد و پێشەنگی کۆمەڵەکەی گرتووە، ریزبەندی ئەم کۆمەڵەیە بەمشێوەیەیە:

١- ژاپۆن ٩ خاڵ، ٢- قیرغستان ٦ خاڵ، ٣- تاجیکستان ٦ خاڵ، ٤- مەنگۆلیا ٣ خاڵ، ٥- میانمار سفر خاڵ.

## ● کۆمەڵەی حەفتەم

لەم کۆمەڵەیە سێ هەڵبژاردە رکابەرییەکی بەهێز دەکەن بۆ بەدەستهێنانی بلیتی ئەم کۆمەڵەیە دوای ئەوەی هەڵبژاردەی تایلاند ئاستێکی سەرسوهێنەری بەرانبەر ئیمارات پێشکەش کرد و سەرکەوتنێکی گرنگی تۆمارکرد و هەڵبژاردەی ڤێتنام بەردەوامە لە ئاستە بەرزکەی دوو سەرکەوتنی گرنگی تۆمارکرد، ریزبەندی ئەم کۆمەڵەیە بەمشێوەیەیە:

١- تایلاند ٧ خاڵ، ٢- ڤێتنام ٧ خاڵ، ٣- ئیمارات ٦ خاڵ، ٤- مالیزیا ٣ خاڵ، ٥- ئەندنووسیا سفر خاڵ.

## ● کۆمەڵەی هەشتەم

لەم کۆمەڵەیە کۆریای باکوور ئەنجامێکی چاوەڕوانەکراوی تۆمارکرد بەبێ گۆڵ لەگەڵ هەڵبژاردەی کۆریای باشوور یەکسانبوو و بەیەکەوە لە پێشەنگی ئەم کۆمەڵەیە دێن و هەڵبژاردەی لوبنان هەوڵ دەدات رکابەری هەردوو کۆریا بکات.

جێگەی باسە لە یارییەکانی پاڵاوتن خاوەن پلەی یەکەم راستەوخۆ سەرکەدەکەوێت بۆ قۆناغی کۆتایی یارییەکانی پاڵاوتن و هەروەها باشترین ٤ هەڵبژاردەی خاوەن پلەی دووەم سەردەکەون بۆ قۆناغی کۆتایی.

